www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 11:27 14-10-2006

## ئەو دەمەی کە گوڵ ئەنوی ... ئاسۆ شێخ کەمال

ئەو دەمەی کە گوڵ ئەنوی
هەنگ زیز ئەبی و
شنە رێی لێ تێك ئەچی و
پەپولە رەنگی ئەگۆڕی
کەچی درکێك
لە چاوی زامێکی بێ ئەندێشەوە
قەدێك بێزار ئەکاو
رەگێك لە خەو هەڵئەستێنی
بەڵام گەڵا
ماچی زەوی
ئەکاتە هەنگوینی پاییز و
پروشکی خاك
ئەنێتە نێو دێراوێکی
پر لە ئاوی رەگی تینو
ئەو دەمەی کە گوڵ ئەنوی
تارماییەك
وێنەی چنگی شەوە زەنگێك
بە گەردنی پرشنگێکا
ئەئاڵێنی و
دەوارێکی پر نهێنی
بە ئاستەنگی گەرویەکی
تاساوا دائەپۆشی
ئەو دەمەی کە گوڵ ئەنوی
پانتاییەکی خۆشەویستی
خەم دایئەگری